# سیاسەتی تورکیا و جەنگی ئیسرائیل-حەماس

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

تورکیا وەك وڵاتێکی هەرێمی و موسڵمان کە لە ناوچەکەدا خاوەن پێگە و قورساییەکی بەرچاوە، ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی لە هەر قەیرانێکدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە و دەبێت. ئەنقەرە، بەتایبەت دوای ساڵی 2002، لەگەڵ گەیشتنی حزبی داد و گەشەپێدان (ئاك پارتی) بۆ دەسەڵات، تێڕوانین و ڕوانگەیەکی جیاوازتری هەبووە بەرانبەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان و عەرەبی لە جیهان. بۆیە هەڵویستە فەرمییەکانی ئەنقەرە بەرانبەر قەیران و گرفتەکانی ناوچەکە و جیهان، تا ڕاددەیەکی بەرچاو ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە. "کێشەی فەڵەستین"یش وەك قەیرانێکی جەوهەری و بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گرنگییەکی مێژوویی و ئیسلامی و مرۆیی تایبەتی هەیە بۆ تورکیا. نووسەرە مێژوویی و ئیسلامییە موحافەزەکارەکانی تورکیا، هەمیشە شانازی بەوە دەکەن کەوا "لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ڕێگەیان بە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل نەداوە لە فەڵەستین." بۆیە لەبەر ئەم گرنگییە مێژوویی و ئیسلامییە، ناکۆکی و ململانێکانی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل گرنگییەکی مەعنەویی هەیە بۆ ئەنقەرە.

لەم چوارچێوەیەدا و لە بارودۆخێکی زۆر سەختی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدا کە تورکیا تیایدایە، پاش هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس بۆ قووڵاییەکانی ئیسرائیل لە 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2023، قۆناغێکی هەستیار دەستی پێ کرد کە تیایدا ئاماژەکانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا بەدەرکەوت. ئەنقەرەیش بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە هاوکێشە نوێیەکەدا بکاتەوە، جموجۆڵێکی دیپلۆماسی و سیاسی و ئەمنیی چڕی دەست پێ کرد بۆ ئەوەی قورسایی و پێگەی خۆی لە هاوکێشە نوێیەکەدا جێگیر بکات. چونکە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی قەیرانەکەی 7ی تشرینی یەکەمدا، تورکیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و تەنانەت وڵاتە موسڵمانەکانی ناوچەکەوە، پەراوێز خرا. بەڵام سەرۆککۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بۆ ئەوەی تورکیا وەك وڵاتێکی بەهێز و کاریگەر لە هاوکێشەکە بمێنێتەوە، چەند هەنگاوێکی گرنگی نا، کە لە خوارەوە هەوڵ دەدەین بیانخەینە ڕوو.

**ئەم جەنگە چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل دەبێت؟**

تورکیا یەکەم وڵاتی موسڵمان بوو کە لە مانگی ئازاری ساڵی 1949 دانی بە ئیسرائیلدا نا. واتا ژێرخانە مێژووییەکەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – تەلئەبیب، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل. بۆیە تورکیا بۆ ئیسرائیل نەك تەنیا وەکوو وڵاتێکی کاریگەری ناوچەکە گرنگە، بەڵکوو لە ڕووە مەعنەوییەکەیش پێگە و مانایەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەنقەرە لە کات و ساتێکدا ئیسرائیلی وەکوو دەوڵەت ناسیوە، کە گرنگییەکی زۆری هەبووە بۆ تەلئەبیب. جگە لەمە ئەگەر تەماشایەکی سەردەمی عوسمانییەکان بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا جووەکان بە درێژایی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانی، زۆر ڕێزیان لێ گیراوە و یارمەتی دراون و تەنانەت دەرگەکانی ئەم وڵاتە بەڕووی ئەو جووانە کرایەوە کە ئەوکات

کەوتبوونەتەوە بەر شاڵاوەکانی ستەمی وڵاتانی ئەوروپی. هەر لەم چوارچێوەیەدا، بۆ نموونە لە سەردەمی سوڵتان "بایەزیدی دووەم" لە ساڵی 1492 (لە ئیسپانیا) و لە ساڵی 1497 (لە پۆرتوگاڵ)، سەدان هەزار جوو بەرەو دەوڵەتی عوسمانی کۆچیان کرد و دەوڵەتی عوسمانییش پێشوازیی لێ کردن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن [دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانییەوە]() بەرگرییان لێ کراوە.

سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی سوڵتان "عەبدولحەمیدی دووەم" ڕێگە نەدرا بە شێوەیەکی فەرمی دەوڵەتی جوو لەسەر خاکی فەلەستین دابمەزرێت بەڵام پاراستنی جووەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ نزیکەی زیاتر لە چوار سەدە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژێرخانی بنیاتنانی دەوڵەتی جووی دامەزراند کە لە ساڵی 1948 بە پاڵپشتیی بریتانیا بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆتایی هات.

کەواتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنگەر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کەوا پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیل هەمیشە گرنگ و ستراتیژی بووە بۆ ناوچەکە و تەنانەت بۆ هەردوو لا و، دەتوانین بڵێین هەردوو لا کاریان کردووە و کار دەکەن ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئاراستە بکرێت.

بەگشتی لە دوای ساڵی 2002وە پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیل بەرزی و نشێویی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و بەتایبەت لە ساڵانی (2008- 2009) لە کاتی جەنگی غەززەدا و دواتر لە ساڵی 2010 بەهۆی ڕووداوی کەشتیی ماڤی مەرمەرا (Mavi Marmara) کە بە مەبەستی گەیاندنی یارمەتیی مرۆیی بەرەو کەرتی غەززە بەڕێ کەوتبوو، بەڵام لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە هێرشی کرایە سەر و لە ئەنجامدا (10) هاووڵاتیی سیڤیلی تورک گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەکی دیکەیش بریندار بوون. دوای ئەم ڕووداوانە پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیل گەیشتە بنبەست. بەڵام بەهۆی پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەکە وەکوو دەستپێکردنی هەڵمەتێکی فراوان لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و موسڵمان ئاسایی بکاتەوە و تێچکوونی بارودۆخی ئابووری و دارایی تورکیا و زیادبوونی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر تورکیا لە لایەک و دابەزینی ڕێژەی پاڵپشتیی خەڵك بۆ ئاك پارتی لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا لە لایەکی ترەوە، "ئەردۆغان"ی ناچار کرد بیر لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا بکاتەوە لەگەڵ ئیسرائیل. هەر لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی 2021ەوە هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە-تەلئەبیب نرایەوە و چەندان کۆبوونەوەی ئاستبەرز لە نێوان بەرپرسانی تورکیا و ئیسرائیل دەستی پێ کرد. ئەم نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئیسرائیل، هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەکوو ئیمارات و بەحرێن. تەنانەت ئیسرائیل ئەوەندە لە وڵاتانی کەنداو و عەرەبی نزیك بووەوە، خەریك بوو هەنگاوێکی مێژوویی بنێت ئەویش لە ڕێگەی ئاساییکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی، چونکە شازادەی جێنشیی عەرەبستانی سعوودی، موحەمەد بن سەلمان، لە لێدوانێکی بۆ کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمریکی لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوودا ڕای گەیاند، "[**عەرەبستانی سعوودی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نزیکتر دەبێت لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل**]()."

بەڵام سەرجەم ئەم کەشوهەوایە ئەرێنییە، لەناکاو لەگەڵ هێرشەکانی (7)ی تشرینی یەکەم، لانی کەم هەڵپەسێردرا. تورکیاش وەك وڵاتانی دیکەی موسڵمان، سەرەتا هەوڵی دا بارودۆخەکە لە نزیکەوە چاودێری بکات بەبێ ئەوەی هەڵوێستی توند بنوێنێت. بەڵام لەگەڵ چڕتربوونی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و گیانلەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری سیڤیل لە لایەك و دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نارەزایی دژی

ئیسرائیل لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا لە لایەکی دیکە، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر لێ هات و ئەردۆغان ناچار کرا هەندێك لێدوانی توند لە دژی ئیسرائیل بدات. بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی تورکیا بەرانبەر جەنگی ئیسرائیل ـ حەماس ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**یەکەم:** بە هیچ شێوەیەك ئەنقەرە سەرجەم کارتەکانی خۆی بەرانبەر ئیسرائیل ناسووتێنێت. واتا ئەگەر ئێستا ئەردۆغان هەندێك لێدوانی توندیش لە دژی ئیسرائیل بدات، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت تورکیا بەتەواوەتی دژایەتیی خۆی بەرانبەر ئیسرائیل ڕاگەیاندووە.

**دووەم:** ئەنقەرە سوورە لەسەر ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاوکێشە نوێیە چاوەڕوانکراوەکەدا هەبێت، چونکە پێشبینی دەکرێت هەندێك گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی ڕوو بدات. بۆیە نایەوێ بەتەواوی لە ڕووداوەکان ببچڕێت و ڕۆڵی نەبێت. لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە لە چوارچێوەی شەڕ و پێکدادان و ڕووداوەکان، ئەمریکا هیچ ڕۆڵێکی بە تورکیا نەدا. هەر لەبەر ئەمەیش بوو ئەنقەرە نیگەران بوو و دەستی بە جموجۆڵ کرد بۆ ئەوەی شوێنپێی خۆی لە هاوکێشە نوێیەکەدا بکاتەوە.

**سێیەم:** ئەنقەرە کار بۆ ئەوە دەکات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حەماس لە لایەك و لەگەڵ ئیسرائیل لە لایەکی دیکە، بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی نێوەندگیر بگێڕێت. بەشداریکردنی تورکیا لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادانەکان، بە واتای چەسپاندنی قورساییی خۆی دێت لە ناوچەکەدا و، وەکوو "کارەکتەرێکی نێودەوڵەتیی ئاشتیسەپێن" خۆی پێشکەش دەکات. بەڵام پێشبینی دەکرێت ئەم ئەرکەی تورکیا زۆر سەخت بێت، چونکە پێ ناچێت عەرەبستانی سعوودی و میسر وەکوو دوو وڵاتی موسڵمانی کاریگەر و ڕکابەری تورکیا لە ناوچەکە، ئاوا بەئاسانی گۆڕەپانەکە بۆ تورکیا چۆڵ بکەن.

**چوارەم:** سەرەڕای گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل، بەڵام پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریی نێوانیان بەردەوامە و نەگەیشتۆتە بنبەست. ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لە ئەولەوییاتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە لەگەڵ ئیسرائیل.

**پێنجەم:** تورکیا بەهۆی ئەوەی وڵاتێکی موسڵمانە و لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ناڕەزایەتییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و بەئامانجکردنی کەسانی سڤیل لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە، ئەنقەرە بە لەبەرچاوگرتنی هەست و سۆزی خەڵك، هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە ڕووداوەکان ڕاگەیاندووە. بۆیە دەبینین جاروباریش هەندێك لێدوانی دژ بە بەرپرسانی ئیسرائیل دەدرێت؛ بۆ نموونە لە 4ی تشرینی دووەم، ئەردۆغان ڕای گەیاند، "**لەمەو بەدوا ناتانیاهۆ کەسێك نییە ئێمە بەهەندی وەربگرین.**" ئەگەر هەندێك لەم لێدوانە ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەردۆغان، "ناتانیاهۆ"ی کردۆتە ئامانج نەك دەوڵەتی ئیسرائیل! هەر وەك لە لای هەمووان دیارە کەوا ناتانیاهۆ کێشەی زۆری هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی ئیسرائیل و تەنانەت ئەگەر ڕووداوەکانی 7ی تشرینی یەکەم نەبووایە، زۆر سەخت بوو بیتوانیبا لە دەسەڵات بمێنێتەوە. بۆیە ئەم جۆرە لێدوانانەی ئەردۆغان زیاتر بۆ بەدەسهێنانی ڕەزامەندیی شەقامی تورکییە.

**شەشەم:** تورکیا سەرەڕای ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل نەبچڕاندووە، چونکە تورکیا لەسەر ئاستی ڕاوێژکاریی میت و وەزیری دەرەوەی وڵاتەکە، بەردەوامە لە پەیوەندییە

دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و حەماس. بۆیە ئەمەیش بەڵگەیەکی ترە کە تورکیا کار بۆ ئەوە دەکات لە نێوان هەردوو لا ناوبژی بکات.

**حەوتەم:** لە ئەنجامدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا ئەم جەنگە ئاوا بەئاسانی وا لە تورکیا ناکات واز لە ئیسرائیل بهێنێت و لە هەمان کاتیشدا بەهۆی گوشارە ناوخۆییەکانیش، ناتوانێ واز لە لایەنە فەڵەستینییەکان و حەماس بهێنێت. بۆیە دەبینین تورکیا لە ناوەڕۆك و بنەڕەتدا زیاتر جەخت لەسەر چەمەکانی بەرقەرارکردنی ئاشتی و ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادانەکان و گەیاندنی یارمەتیی مرۆیی بۆ غەززە، دەکات.

**ئایا پاش ئەم جەنگە، تورکیا دەتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ حەماس بەردەوام بێت؟**

پەیوەندییەکانی تورکیا و حەماس دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی 2000. پێش ئەوەی تیشك بخەینە سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیا و حەماس، پێویستە ئاماژە بەو بنەمایانە بدەین کە پەیوەندییەکانی تورکیا و حەماسی لەسەر بنیات نراوە، لەم چوارچێوەیەدا گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە پەیوەندییەکانی تورکیا و حەماسی لەسەر بنیات نراوە، دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی هەردوو لا کۆ دەکاتەوە، چونکە هەردوو لا نزیکن لە ئایدیۆلۆژیای ئیخوان موسلمین. ئەگەر تەماشایەکی دامەزرێنەرانی حەماس بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەم دامەزرێنەران پرۆگرام و ئایدیۆلۆژیای ئیخوان موسلمین پەیڕەو دەکەن. بەرانبەر ئەمەیش، هەرچەندە "ئاك پارتی" بەپێی یاسا بەرکارەکانی تورکیا حزبێکی موحافەزەکاری دیموکراتە، بەڵام بە نزیکی لە ئیخوان ناسراوە و ئەم نزیکییە بە شێوەیەکی بەرچاو لە پەیوەندی و سیاسەتەکانی چەندساڵەی ڕابردووی تورکیا ڕەنگی داوەتەوە. لەبەر ئەم هۆکارە دەبینین ئەنقەرە زیاتر لە حەماس نزیکترە، بەراورد بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین (فەتح).

**دووەم:** تورکیا، بەتایبەت لە سەردەمی "ئاك پارتی"، هەوڵی داوە ببێتە هێزێکی هەرێمیی کاریگەر؛ ئەمەیش بە بێ ڕۆڵوەرگرتن لە کێشەی فەڵەستین مەحاڵە بێتە دی، چونکە کێشەی فەڵەستین، کێشەیەکی بنەڕەتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە تورکیا هەمیشە دانانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئیسرائیل و لایەنە فەڵەستینییەکانی کردۆتە یەکێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی. واتا هەرچەندە ئەنقەرە ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە حەماس دەکات بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل نەگاتە بنبەست؛ بەپێچەوانەوە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە پەیوەندییەکی تا ڕادەیەك باشی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە و تا ئێستایش بەردەوامە.

**سێیەم:** پێش ئەوەی "ئاك پارتی" لە ساڵی 2002 بگاتە دەسەڵات، نزیکبوونە لە ڕۆژئاوا و دانانی پەیوەندیی باش لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان، یەکێکە بووە لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. بەڵام دوای گەیشتنی "ئاك پارتی" بە دەسەڵات، ئەم سیاسەتە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا هات، چونکە بەتایبەت لە سەردەمی وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا، "ئەحمەد داودئۆغڵو"، تورکیا جۆرە کرانەوەیەکی بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینی بەرانبەر بە وڵاتانی عەرەب و موسڵمان. واتا ئەنقەرە هەستی بەوە کرد لە جیاتی ئەوەی لەبەر دەرگەی ئەوروپا و یەکێتیی ئەوروپا بەبچووکی بمێنێتەوە، باشترە بۆی ببێتە سەرکردە لەنێو وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان. جا بۆ سەرکەوتنی ئەم کرانەوەیە بەڕووی وڵاتانی عەرەب و موسڵمان، مەرجە

پەیوەندییەکانی، بەتایبەت لەگەڵ لایەنە فەڵەستینییەکان باش بێت.

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، دەتوانین ئەوە بڵێین کەوا تورکیا لە قۆناغی داهاتوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حەماس نابچڕێنێت و بەردەوام دەبێ لە پێشکەشکردنی یارمەتییەکان بۆ کەرتی غەززە و حەماس. چونکە پێشبینی دەکرێت ئەنقەرە دەستبەرداری حەماس نەبێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا درێژە پێ بدات؛ بەڵام ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی پارێزگاریکردن دەبێت لە هاوکێشە و هاوسەنگی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی.

**هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بەرانبەر بە جەنگی ئیسرائیل – حەماس**

ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بە شێوەیەکی گشتی پاڵپشتی و پشتگیری لە مافە ڕەواکانی گەلی فەڵەستین دەکات، بەڵام تێڕوانین و میکانیزمی ئەم پاڵپشتییە لەنێو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن جیاوازە و، دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە بیانخەینە ڕوو:

**یەکەم:** گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا (جەهەپە) هەر لە سەرەتاوە پاڵپشتیی خۆی بۆ فەڵەستین دەربڕیوە و پێی وایە بژاردەی بنیاتنانی دوو دەوڵەت، تاکە چارەسەرە بۆ کێشەی فەڵەستین. هەروەها "جەهەپە" زیاتر لەگەڵ ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی تورکیا دەبێ لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین بێت، نەوەك حەماس و گرووپە چەکدارەکانی دیکە. واتا یەکێك لە ڕەخنەکانی گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن بۆ حکوومەتەکەی ئاك پارتی ئەوەیە کە، نابێت دەوڵەتێکی وەکوو تورکیا لەگەڵ ڕێکخراوێکی چەکدار پەیوەندی ببەستێت. بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کەوا گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا (جەهەپە) ڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆی لە دانانی پەیوەندی لەگەڵ حەماس ڕاگەیاندووە، سەرەڕای ئەوەی پاڵپشتیی خۆی بۆ مافە ڕەواکانی گەلی فەڵەستین ڕاگەیاندووە و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ چارەسەری بنیاتنانی دوو دەوڵەتە لە فەڵەستین. جگە لەمەیش تورکیا لە سەردەمی دەسەڵاتی "جەهەپە" دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیل ناوە. بۆیە لەگەڵ سەرجەم ئەو تێبینییانەی سەرەوە، جەهەپە لەگەڵ درێژەدانە بە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل.

**دووەم:** ئەو حزبانەی ئۆپۆزیسیۆن کە لەلایەن ئەو سەرکردانەوە دامەزراون کە پێشتر لە ئاك پارتی بوون (وەکوو حزبی داهاتوو و حزبی دەوا/ Demokrasi ve Atılım Partisi - Deva Partisi) ئەوانە زیاتر سیاسەتیان بەرانبەر بە دۆخەکە لە ئاك پارتی دەچێت و تەنانەت داوا دەکەن هەڵوێستی تورکیا توندتر بێت. حزبە نەتەوەییەکانیش بە هەمان شێوە پاڵپشتیی خۆیان بۆ دۆزی فەڵەستین ڕاگەیاندووە، بەڵام شێوازی پاڵپشتیکردنی حزبی باش (İyi Parti) جیاوازە لە هی "مەهەپە"، چونکە سەرۆکی حزبی باش، "مەراڵ ئاکشەنار"، دوای ڕووداوەکانی 7ی تشرینی یەکەم لە کۆبوونەوەی گرووپی حزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیا ڕاستەوخۆ ڕای گەیاند، "ئێمە چۆن لە دژی ئەو تیرۆرە دەوەستین کە حەماس پەیڕەوی دەکات، ئەوەهاش لە دژی تیرۆی دەوڵەتی ئیسرائیلیش دەوەستین." کەواتە یەکێك لە حزبە گرنگەکانی تورکیا و نەتەوەپەرستەکان دژی ئەو سیاسەتەن کە ئەردۆغان لەگەڵ حەماس پەیڕەوی دەکات؛ واتا تێبینیی ئەم لایەنە سیاسییانە زیاتر لەسەر ئەوەیە کە نابێت دەوڵەت لە پرسێکی ئەوها هەستیار ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوێك ببەستێت کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی بە تیرۆریستی دەبینن. تەنانەت "مەهەپە"یش، کە لەگەڵ ئاك پارتی هاوپەیمانە، لەسەر زاری سەرۆکی حزبەکە (دەوڵەت بەخچەڵی) ڕای گەیاند "مەهەپە بەرگری لە

[کردەوەکانی حەماس ناکات بەڵام ئەوەیش ناشارمەوە کەوا من زۆر بێتاقەت و نیگەرانم بەرانبەر ئەم دیمەنە نامرۆییانە و گیانلەدەستدانی کەسانی سڤیل](#)."

کەواتە بەگشتی دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی، کە حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن پاڵپشتی لە مافە ڕەواکانی گەلی فەڵەستین دەکەن، بەڵام بە شێوەیەك ئەم پاڵپشتیکردنە پێویستە لەسەر بنەمای دۆزینەوەی چارەسەرێك بێت نەوەك پشتگیریی لایەك لە دژی لایەکی دیکە. واتە ئۆپۆزیسیۆن زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەوا نابێت تورکیا ببێتە تەرەف لەم قەیران و جەنگەدا، چونکە بەگشتی لە تورکیا بیرۆکەیەك هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە چەندان شەڕ و پێکدادان لە ناوچەکە ڕوویان داوە، تورکیا توانیویەتی خۆی لەم قەیران و جەنگانە بپارێزێت؛ بۆیە لەمەودوایش نایەوێت خۆی تووشی ئەم قەیرانانە بکاتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا نەخشەی خوارەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە تا ئێستا چەندان جەنگی کاریگەر لە دەوروبەری تورکیا سەری هەڵداوە و تورکیا توانیویەتی خۆی لێیان ڕزگار بکات یاخود بە کەمترین زیان ڕزگاری بێت. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن پێی وایە، نابێت تورکیا خۆی بکاتە تەرەف لە هیچ کێشە و قەیرانێکی ناوچەکە، چونکە ئەگەر ئەنقەرە لە هەر قەیرانێك یاخود جەنگێك لە ناوچەکەدا تێوە بگلێت، ئەنجامەکەی بۆ ئەنقەرە باش نابێت.




**کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە بۆ سەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا**

ڕووداوێکی گرنگی وەکوو جەنگی ئیسرائیل و حەماس، بێ گومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا، بەڵام بەگشتی دەتوانین گرنگترین ئەم کاریگەرییانە بەکورتی بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** ئاك پارتی، بەتایبەت "ئەردۆغان"، لێزانانە توانیویەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ سوودی باش لەم بابەتە ببینێت و، بۆ مەرامە سیاسی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاری بهێنێت. واتا ئەم کەیسەی، کردۆتە ئامرازێکی بەهێزی ناوخۆ بۆ ئەوەی دەنگدەر لە تورکیا بۆ خۆی ڕابکێشێت. با لەیادمان نەچێت ڕووداوەکەی داڤۆس، پێگەی ئەردۆغانی بەتایبەت لەسەر ئاستی ناوخۆ جێگیرتر کرد. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەردۆغان درێژە بەم سیاسەتەی خۆی بدات و زیاتر کار لەسەر بەکارهێنانی ئەم بابەتە بکات وەك ئامرازێکی ڕاکێشانی دەنگدەر لە تورکیا. چونکە لە تورکیا لەسەر ئاستی جەماوەردا هاوسۆزییەك بەرانبەر بە دۆزی فەڵەستین هەیە.

دووەم: لەسەر ئاستی دەرەکییش هەڵوێستی تورکیا گرنگە، بەتایبەت لە ڕووی پێگە هەرێمییەکەی، کە ئەنقەرە نایەوێت لە هاوکێشەکە دوور بخرێتەوە. واتە ویستی تورکیا زیاتر بەڕووی ئەوە دەشکێتەوە کە ئەنقەرە پێویستە ببێتە وڵاتێکی بڕیاردەر نەك بڕیاری لایەنەکانی تر جێبەجێ بکات. دیارە لە سەرەتاوە هەوڵێك هەیە بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە هاوکێشەکە و هەر لەگەڵ دەستپێکی جەنگەکە، بەتایبەت ئەمریکا ویستی ڕۆڵ نەداتە تورکیا، بەڵام ئەنقەرە زۆر بەچڕی کار بۆ هاتنەناو هاوکێشەکە دەکات. هەرچەندە ئێستا لێدوانەکانی ئەردۆغان و ناتانیاهۆ دژیەکن و وا دەبینرێت پەیوەندییەکانی تورکیا – ئیسرائیل گەیشتۆتە بنبەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پەیوەندیی نێوان هەردوو لا درێژەی هەیە و تا ئێستا بەردەوامە.

**سێیەم:** پێشبینی دەکرێت ئەگەر ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە جەنگەکەدا بکات (کە ئەمەیش بۆ قۆناغی ئێستا دوورە)، ئەوکات کاردانەوەی جەنگەکە بە شێوەیەکی چڕتر بگاتە سووریاش. هەرچەندە ئێستا لە سووریا هێزەکانی ئەمریکا کراوەنەتە ئامانج و بەراورد بە پێش کاتی جەنگەکە هێرشەکان زیادیان کردووە، بەڵام جارێ نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە کاریگەری بکاتە سەر جەنگەکە. بێ گومان حکوومەتی ئەسەد نە ئەو توانایەی ماوە و نە دەیشیەوێ لە قۆناغی ئێستادا بەشداری لە جەنگەکەدا بکات؛ چونکە سووریا لە ساڵی 2011وە بەدەست قەیران و جەنگ و ناسەقامگیریی ئەمنی و سیاسی و سەربازییەوە دەناڵێنێت. بەڵام سەرەڕای ئەم تێبینییانە، پێشبینی دەکرێت ئەگەر ڕێژەکەیشی کەم بێت، سووریا دەست بە هەندێك جموجۆڵ بکات.

**چوارەم:** لە هەموو باردا تورکیا نایەوێت بارودۆخی ناوچەکە لەمە زیاتر ناسەقامگیر بێت و تێك بچێت، چونکە تورکیا هەردەم بانگەشەی چەسپاندنی ئاشتی دەکات و، کار دەکات کۆتایی بە شەڕ و پێکدادانەکان بهێنرێت بەڵام بە شێوەیەك خۆی تیایدا ڕۆڵی هەبێت و لە هاوکێشە سیاسی، ئەمنی، سەربازی و ئابوورییەکانی ناوچەکە دوور نەکەوێتەوە. بۆیە پێشبینی دەکرێت لە قۆناغی داهاتوودا تورکیایەك ببینین کە هەوڵ بۆ چەسپاندنی ئاشتی و کار بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل بکات و پێشەنگایەتیی هەڵمەتەکانی گەیاندنی یارمەتی بۆ کەرتی غەززە بکات؛ ئەمە جگە لە هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

**کۆبەند**

تورکیا هەمیشە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی لە سەرووی هەموو شتێك دادەنێت، بەڵام نەریتێك هەیە لە تورکیا، ئەویش بریتییە لەوەی کە لایەنە مرۆییەکان پێگەی تایبەتیان هەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی تورکیا و، ئەم نەریتەیش لە کۆنەوە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆیان ماوەتەوە. واتە هەرچەندە ئەنقەرە کار بۆ

جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی باڵای وڵات دەکات، بەڵام ڕەهەندی مرۆیی، پێگە و شوێنی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هەبووە و دەبێت. جگە لەمە دەبینین تورکیا هەر لەگەڵ دەستپێکی جەنگی حەماس – ئیسرائیل، هەرچەندە ڕەخنەی توندیش لە ئیسرائیلی گرتبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین سیاسەتێکی هاوسەنگی پەیڕەو کردووە بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی بابەتەکە لە لای خەڵکی تورکیا. واتە پێ ناچێت ئەنقەرە ئاستەکە بگەیەنێتە ڕاددەیەك، پەیوەندییەکانی بەتەواوەتی لەگەڵ ئیسرائیل بپچڕێنێت بەڵکوو پەیوەندییەکان ئەگەر لەسەر ئاستی باڵایش نەمینێت بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئەوە ئێستا لەسەر ئاستەکانی وەزیری دەرەوە و دەزگەکانی هەواڵگری درێژەیان پێ دەدرێت. هەروەها پێ دەچێت تورکیا وانەی لە ڕابردووو وەرگرتبێت و پێش ڕووداو و پێشهاتەکان نەکەوێت و؛ کار بۆ ئەوە دەکات بارودۆخەکە بەتەواوەتی بخوێنێتەوە، ئینجا هەنگاو بنێت.